# ئازادی چاپەمەنی تەنها لە ڕۆژئاوا؟

نووسینی: هۆكان هۆلمبێری
وەرگێرانی: كاوە ئەمین
Kawaamin@passagen.se

نازانم لەم هەفتانەی دوایدا چەند جار ئەو بابەتانەی كە بەم شێوەیە نووسراون، خوێندۆتەوە: ئازادی چاپەمەنی و ئازادی ڕادەربڕین تایبەتمەندییەكی ئەوروپاییان هەیە و باقی جیهان ڕووی خۆیان لەم جۆرە دەستەواژە و بیركردنەوە ئەوروپییانە، وەردەگێرن. بە دڵنیاییەوە "بەڵگەیان" بۆ ئەم تێزە، ئەو نارەزایەتییانەن كە بە دژی كاریكاتێرەكانی موحەمەد، بەرپا كران. بەڵام ئەو بیركردنەوە هەڵەیە، نابێتە ڕاستییەك، هەڵەكان لە لایەن زۆر كەسەوە دووبارە دەكرێنەوە. لەم حاڵەتەشدا هەڵەكان سی جۆرن.

یەكەمیان لە تێگەیشتن لە ناوەڕۆكی ئازادی چاپەمەنییەوە سەرچاوەی گرتووە. ئازادی چاپەمەنی مانای ئەوە نییە كە هەر شتێك دەنووسرێت پێویستە بڵاوبكرێتەوە، ئازادی چاپەمەنییش بەو مانایەیە كە هەر سەرنووسەرێك خۆی بریاری خۆی بدات لەسەر بڵاوكردنەوە بەبێ ئەوەی لەلایەن دەوڵەت یانیش دەستگای چاودێرییەوە، فەرمانی بەسەردا بدرێت. ئەگەر بێروبۆچوونێكی جودا لەوەی ڕۆژنامەی (Jyllands-Posten) كە گونجاو بێت بۆ بڵاوكردنەوەی كاریكاتێرەكان لەسەر موحەمەد، مانای ئەوە نییە كە مرۆڤ دژی ئازادی چاپەمەنییە بەڵكو مرۆڤ هەڵسەنگاندنێكی بنەرەتی تری هەیە بۆ بریاردان لەسەر بڵاوكردنەوە.

هەڵەی دووەم ئەو تێروانینەیە كە بە برواوە پێ لەسەر ئەوە دادەگیرێت كە ئازادی ڕادەربڕین شتێكی حەتمییە لە ڕۆژئاوا. ئەمە بە هیچ شێوەیەك وانییە. هەڵبەت ئیدیۆلۆگیە سیاسییە دیموكراتییەكانی ئەم سەردەمەی ئێستامان كە لەسەر بنەمای ئازادیی ڕادەربڕینە، بەشێكی گەورەی لە ڕۆژئاوا گەشەی كردووە، بەڵام ئەو ئیدیۆلۆگییە پێچەوانانەیش كە دژایەتی دیموكراتی دەكەن، هەروەها بەو شێوەیەش دژایەتی ئازادی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی تریش. دیكتاتۆرەكانی بەشەكانی تری جیهان گەلێك جار، بەڵێ تا ڕادەیەك هەمیشە لە ئیدیۆلۆگییە نادیموكراتییەكانی ڕۆژئاواوە، ئیلهامیان وەرگرتووە.

هەڵەی سێهەم، دەربارەی وێنەی دەرەوەی ئەوروپا، ئەمەریكا و ئوسترالیایە. بێگومان لەو بەشەدا ژمارەیەكی زۆر دیكتاتۆر هەن، هەروەك چۆن لە ساڵانی ١٩٠٠ دا لە ئەمریكای لاتین و ئەورپا دا، هەبوون. بەڵام لە نێو ئەو دیكتاتۆرانەدا، بەرهەڵستكاریش هەن كە داوای ئازادی بەیان و هەروەها ئازادی ڕاگەیاندن دەكەن وەكو بەشێك لەو داخوازیانە كە بە شێوەیەكی گشتی داوای دیموكراتیزەكردنی كۆمەڵگا دەكەن.

زۆر دوور نەڕۆین، هەفتەی رابردوو، سیانزدە ئەكادیمی و كەسایەتی سیاسی پێشووی وڵاتی چین لە نامەیەكی كراوەدا كە لە ڕۆژنامەی هۆنكۆنگی (South china morning post ) دا بڵاوكرایەوە، داوای ئازادی زیاتری ڕادەربڕینیان لەو وڵاتەدا كردبوو. لە نێو ئیمزاكەرەكاندا، سكرتێری پێشووی (Mao Zedong) و سەرنووسەری پێشووی ئاژانسی چینی نوێیش هەبوون. یەكێكی تر لە ئیمزاكەران بەرپرسی

پروپاگەندەی پێشوو (Zhu Houze) دەڵێت: زانیاری ئازادانە و ئازادی رادەربڕین پێوستین بۆ بەردەوامی بەرەوپێشچوونی چین.
لەمەدا، ئەو بە تەواوەتی راست دەکات و ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەری لاوان و شەهادەدارانی چینی لە پشتەوەیە. ژمارەیەکی زۆر لەوان، ماڵپەریان لە ئینتەرنێتدا هەیە کە رێژیم هەوڵدەدات دایانبخات و بەربەستیان بۆ دابنێ. هەردوو شەریکەی رۆژئاوایی (Google و Yahoo ) بەشدارییان لەو کارەدا کردووە (مەبەست سانسۆرکردنی ماڵپەرەکانە لە وڵاتی چین)، بەو شێوەیەش ئەو قسەیەیان بە درۆخستۆتەوە کە دەڵێت ئازادی چاپەمەنی رەهایە لە رۆژئاوا.
حەفتەی پێشوو لە ژمارەیەک ڕۆژنامەی سوێدیدا لەسەر حسێن درەخشان کە خەڵکی ئێرانە نووسرا کە خاوەنی یەکێک لەو بلۆگانەیە کە لە دنیادا زۆرترین سەردانی دەکرێت، رۆژانە حەوت هەزار کەس سەردانی دەکەن. حسێن درەخشان لە ئێران دەستیکرد بە کەڵک وەرگرتن لە (تەکنیکی بلۆگ) لە ساڵی ٢٠٠١ دا، ئەوەش دوای ئەوەی کە دەستی بە وتار نووسین کرد لە رۆژنامە ریفۆرمخوازەکاندا و بەو شێوەیش هاوکاریی خەڵکی دەکرد کە لە پراکتیکدا کۆمپیوتەر پێکەوەنێن و کەرەستەی پێوست بەدەست بخەن.
درەخشان بۆ رۆژنامەی (DN) دەڵێت کە کاریکاتێرەکانی موحەمەد "خەوێکی خۆش" بوو، هەم بۆ هێزە کۆنسەرڤەتیڤەکانی جیهانی ئیسلامی و هەمیش بۆ هێزە دژەبیانییەکانی رۆژئاوا. درەخشان، ئازادی چاپەمەنی وەکو بەهایەکی گەردوونی نرخاند کە دەبێت بە هەموو شێوەیەک بپارێزرێت.
ئێمرۆ نزیکەی حەوتسەد هەزار ماڵپەر (بلۆگ) لە ئێران هەم بە زمانی ئینگلیزی و هەمیش بە زمانی فارسی هەن و بەشێکی زۆر لە چینی لاوانی ئەو وڵاتە کە بە شێوەیەکی خێرا لە گەشەکردندایە، ئینتەرنێتیان هەیە. هەتا ئێستا ئەم (بلۆگانە) بە شێوەیەکی بەرچاو لە لایەن رێژیمەوە، ئازاد کراون. لە جیاتی ئەوە رێژیم رۆژنامە ریفۆرمخوازەکان دادەخات. ئەوەش ئاسانترەو رەنگە وێنەیەکی وا بخریتە پێش چاو کە مرۆڤ کۆنترۆڵی بیرووبۆچوونی ئەو نەوە نوێیە بکات، کە لە ڕاستیدا هەر لە ئێستاوە لە دەستیان چوون. ئەوەی کە وابیردەکاتەوە کە گەنجانی موسڵمان ئازادی رادەربڕین و راگەیاندن رەتدەکەنەوە وەکو دەستەوەژایەکی "رۆژئاوایی" ئیمپریالیستانە، پێویستە زیاتر بیر لە ئێران بکاتەوە.
بەڵام دونیای دەرەوەی رۆژئاوا لەو وڵاتانەش پێکهاتووە کە تێیاندا ئازادی رادەربرین و چاپەمەنی ماوەیەکی دوور و درێژە لە لایەن سەرکردایەتی سیاسی ئەو وڵاتانەوە، رێزیان لێگیراوە. لە هیندستان کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی دونیای تێدا دەژی و وڵاتێکی دیموکراتییە و هەڵبژاردن لەوێ ئازادە، ئەمەش لە دوای ڕزگاربوونیان لە دەسەڵاتی کۆلۆنیالی بەریتانییەوە، درێژەی هەیە.
هۆی ئەو دیموکراتییەی هیندستانیش ناگەڕێتەوە بۆ ئەو دەستەڵاتەی بەریتانیا کە لەو وڵاتە هەیبووە بەڵکو بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی دوور و درێژەی تێگەیشتن و تۆلەرانسی دینە جیاواز و شێوەی بیرکردنەوە لەو وڵاتەدا. رەوتێکی پێچەوانە بەرەو دیکتاتۆری دوورە لە راستییەوە، ئێندێرە گاندی جارێک لە جاران هەوڵێکی لەو بابەتەی دا لە ناوەراستی حەفتاکاندا، لە رێگای دانانی باریی نائاساییەوە، بەڵام ئەوە بوو هەڵنەبژێردرایەوە.

**"پێکدادانی شارستانییەکان" عەقڵیکی جادووگەرانەیە. بەڵام بەربەرکانێی نێوان ئەوانەی کە بۆ ديموكراتی و ئازادیی رادەربڕین تێدەکۆشن و ئەوانەی دژی ئەو بیرووبۆچونانەن لە نێو هەموو شارستانییەتەکاندا، بەردەوامە.**

**سەرچاوە: رۆژنامەی (UNT، ٢٠٠٦/٢/١٩)، هۆکان هۆڵمبێری سەرنووسەری بەشی سیاسی رۆژنامەکەیە.**